# بۆجاشەکان

حەمە کاکەڕەش ، سوید

هەرچەندە ئێوە کوڕی مێژووی خیانەت و سەرشۆڕی و غەدرو بەدڕەوشتین، هەرچەندە ئێوە نەوەی ڕۆژگاری هەڵوەرینی بەها ئینسانی و نەتەوەییەکانن، هەرچەندە ئێوە پاڵەوانی فیرار گرتن و سەربڕینی شوان و... ئەندازیاری بۆسە نانەوە بوون بۆ پێشمەرگەو ژن و پیاوو منداڵ و سەگ و کەرو شێت و داروبەردی کورد، هەرچەند ئێوە ڕێنیشاندەری تەفروتووناکردنی کوندەگانی کوردستان بوون، هەرچەند ئێوە شێرە سمێڵەکانی گیانی کوردو هیچ و پووچەکانی بەر پێی پیاوانی غەدربوون، هەرچەندە ئێوە کوێربوون تەنها چاوتان لە ئافەرینی جەلادەکان و لە خەمی تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆتاندا بوون، هەرچەندە ئێوە کوێربوون داغانکردنی دێهاتەکانتان نەدەبینی ڕاپێچکردن وئەنفالکردنی کوردتان نەدەبینی، هەرچەندە ئێوە کەڕبوون کەڕ قیژەو هاواری ژن و منداڵ و پیرەمێردو گەنجەکانی کوردتان نەدەبیست، هەرچەند ئێوە بای جاسووسی بوون بەشوێن هەموو هەنگاوێکی کوردەوە، هەرچەندە ئێوە دەستە ترسناکەکانی خۆفرۆشیبوون لە نیوەشەواندا دەرگاو پەنجەرەکانی نیشتیمانتان ڕادەوەشاند تاکو کورد نەتوانێت خەون بە شۆڕش و ئازدای و چیاوە ببینێت، هەرچەندە ئیوە لە سەری کۆڵانەکاندا دەوەستان بۆ چاو شکاندنی لاوانی کورد، هەرچەندە ئێوە لە ناخەوە بڕواتان بەبێ ڕەوشتی و بێویژدانی ونائینسانی خۆتان هێنابوو، هەرچەندە ئێوە مستەشاری خیانەت بوون، ڕۆژگارێک سەرمەستی کاسە لێسیو نۆکەری و خۆفرۆشیبوون، هەرچەند ئێوە سەردەمێک ڕۆژگارتان بوو، بەڵام بەزەیتان بەکەسدا نەهاتەوە دەستی یارمەرتیتان بۆ کەس درێژنەکرد، بەهانای هیچ کوردێکی ماڵ و حاڵ تێکچوووەوە نەچوون، شەرمتان لە قزەونترین کردار نەکردەوە ئاخر من چی دەڵێم: بەزەیی و یارمەتی ئینسانییەت و شەرم وشە گەڵێکن نامۆن بەئێوە، هەر ئێوەی جاش لە پشت کردەی سەرگەردانی و دەربەدەری و ماڵ وێرانی کوردەوە بوون، بەلام خۆشبەختانە لە گەڵ ڕاپەڕینی کوردا ئێمە ئاسوودەو ئازاد باوەشمان کرد بە ڕۆژە جوانەکانی ئازادییداو پڕبووین لە خەونی خوێنی شەهیدان، پڕبووین لە خەیاڵی فرینی ڕۆحی ئەنفالەکان، پڕبووین لە سارێژکردنەوەی برینەکانی جەستەی هەلەبجە و گەرمیان و بادینان، پڕبووین لە دەنگ پڕبووین لە ڕەنگ پڕبووین لە گۆرانی و سروود، لە سەر دەرگا و دیوارەکان نوسیمان بژی ئازادی و ڕاپەرین مردن بۆ دووژمنانی کوردوکوردستان، هەر گەڕەک و شەقامێکمان کرد بەناوی شەهیدێکەوە، پەیکەرمان بۆ شەهیدەکان دادەتاشی پۆستکارتی شەهیدەکانمان بە گەورەیی هەڵدەواسی، پڕبووین لە جۆشو خرۆشی ڕاپەڕین و ئازادی، بەڵێ مەستی ئەوەبووین ئیتر ڕاپەڕینی ئێمە ڕۆژگاری زێڕینی جاشایەتی ئێوە لە گۆڕدەنێ و وەک جرجەکوێرکانی ناو زێرابەکان دەرناکەون و بۆ هەتاهەتایە ڕوخساری دزێوتان نابینین و وەک تارماییەک ون دەبن، بەڵام بەداخەوە دوای ڕاپەڕینی ئازادی و کۆڕەوی خەڵکی کوردستان جارێکی تریش وەک مووی بەرلوت و لوی لامل لێمان پەیدا بوونەوەو لە پشت و پەنای هەندێک بەناو سەرکردەو مەرکردەی کوردەوە بێشەرمانەو ڕووقایمانە کەوتنە لاف وگەزافی کوردایەتی و هەر وەک چۆن پاڵەوانی قادسییەی سەدام بوون ئاوا بەهەمان قەوان بوون بە شۆڕەسواری شەڕی کورد کوژی و ماڵ وێران کردنی کوردو چاکیش دەتانزانی تاکورد لە گەرمەی شەڕی حیزبەکاندابێت , شەڕی ناوخۆیی بەرداشێک بێت بۆ هاڕینی هێزو وزەی کوردو ئەزموونەکەی , ئیدی کورد چۆن دەپەرژێتە سەر ئەوەی کە پەنجە بۆ ناو چاوی پڕلەخیانەت و خۆفرۆشی ئێوە درێژبکات و بڵێت: حیزبەکان لە ئێوە خۆش بوونە نەک نەتەوەی کورد ئێوە غەدری گەورەتان لە نەتەوەی کورد کردووە , کوڕوکچی کوردتان ئەنفال کردووەو دێهاتەکانی کوردستانتان تەفروتوونا کردووە، ئێوە بە لێبوردنێکی حیزبەکان نابنە فریشتەو لەو هەموو خیانەت و تاوان و خاک و

میللەت فرۆشتنە پاکنابنەوە، بۆیە دەبێت ئێوەی جاش و مستەشاری بەعس هیچ پشت بەولێبوردنەی حیزبەکان نەبەستن و دڵنیابن ئەو سەرکردەو بەرپرسانەی پەنای ئێوە , تاسەر ناتوانن کردە پۆشی خیانەت و تاوانەکانتان بکەن، ئیستا کە جارێکی تر بارتان هاتۆتە لێژی و نەتەوەی کورد داوای تۆڵەکردنەوەی ئەوەدەکات کە ئێوەی جاش و خائین و خۆفرۆش بوونە سورەی بەر لەشکرو ئەو خەڵکە سادەو هەژارو پاکانەتان ئەنفال کردوو پاکیزەکانی کوردتان بە جەللادەکانی بەعس سپاردو کوندەکانتان وێرانکردو لە پاداشتی ئەنفالکردنی کوردو ئەتک کردنی کچ و ژنەکانی کورددا , بەعس نۆتی ئازایەتی بە یەخەتاندا دەکرد، ئێستا کوردو خوێنی شەهیدەکان و قیژەو هاوارو زریکەی ئەنفال کراوەکان , داوادەکەن بێنە پای دادگاو بەسزای خۆتان بگەن، کەچی ئێوەی خۆفرۆش و کورد فرۆش و خاک فرۆش ئەمجارەیش مل نادەن و بەپشت و پەنای هەندێک بازرگانی کوردایەتی لە هەوڵی ڕاکردندان بۆ دەرەوەی کوردستان , بۆیە لێرەوە بە ئێوەی جاش و خۆفرۆش دەڵێم: ڕۆژگارتان بەسەرچوو کورد چیتر ئەوە قبوڵ ناکات وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن , هەردەبێت بە سزای خۆتان بگەن ئەوانەیشی ئەمڕۆ ڕێگاتان بۆ خۆشدەکەن سبەی دەبێت باجەکەی بدەن.